www.kurdistannet.org

# یاسای هەموارکردنی پارتە سیاسیەکان، یاخود پاکتاوکردنی پارتە سیاسیەکان ودرێژەدان بەسیاسەتی خێلەکایەتی

هیمداد رەنجەرۆ- فنلەندا

دۆزی کورد کە دۆزی نەتەوەیەکەو بناغەیەکی مێژوویی دورو درێژی هەیەو ، سەدان ساڵە لەئاکامی هاوسەنگیە سیاسیەکانی هەرێمەکە و بەرژەوەندی وولاتانی هەرێم لەگەڵ رۆژئاواو ، گەلێك هۆکاری تری ناوخۆ کە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نەبوونی سەرکردایەتی و توێژێکی ژیرو لێهاتو کەڕێبەرایەتی شۆڕش وراپەرینە کوردیەکان بکات و باوەڕی بەهێزوو وزەو دینامیکیەتی خودی کۆمەڵگا بێت .
گەلی کورد بەو هەموو کەموو کوڕیانەو بەکێشەکانیەوە پێی نایە سەدەی (٢١)ەمین سەرباری ئەوەش گەلێك جار هەڵ ودەرفەتی مێژوویی رەخساون کە گەلەکەمان بگات بە ماف وئامانجە رەواکانی ، ئەم دیاردەیە زیاتر لەبەشی باشوری کوردستان یانیش کوردستانی لکێنراو بەعێراق دەبینرێت ، لەباشوری کوردستان ١١ساڵە دەرفەتێکی زێڕین کەوتۆتە دەستی پارتە سیاسیەکان و تاڕادەیەکیش لەلایەن هێزە نێو دەوڵەتیەکانیشەوە پشتیوانی لێ دەکرێت ، بەڵام بەرژەوەندی تاکە حیزبی ودەسەڵاتخوازی و پاوانکردنی دەسەڵات و بۆ ئەوە ئەگەر پێویستیش بکات چەندین جار سوپای داگیرکەران ودوژمنان بەکێشی نێو باشوری کوردستان بکەن و ئەمەش بەمافێکی ڕەوا و کارێکی ئاسایی ببینن و هەرکەسێك ولایەنێکیش کە نیگەرانی خۆی نیشاندا بەزووترین کات بێ کاریگەری بکەن ئەگەر نەبوو پاکتاوی بکەن ئەم سیفەتانە بەشێکی کەمن لەسیفەتە سەرەکیەکانی پارتە دەسەڵات بەدەستەکانی باشوری کوردستان .
لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە شیمانەی ئەوە دەکرێت وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستوەردانێك بۆ سەر عێراق ئەنجام بدەن و ، بۆئەو مەبەستە کورد باشترین کەرەستەیە بۆ بەکارهێنان و گەیشتن بەو ئامانجو مەرامانەی ئەمریکا کەدەخوازێت لەهەرێمەکەدا پێکیان بێنێت ، سەرباری ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان فریودەدەن بەهەمان شێوەش دەیانەوێت سەر لەخەڵك بشێوێنن وخەڵك چەواشە بکەن کەگوایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ، پەیمانیان پێداون قەوارەیەکی تایبەت بە کوردان لەباشوری کوردستان ساز بکەن .
گەلی کورد ئەوە جاری یەکەمین و وابێ دەچێت دوا جاریش نیە لەئاکامی گەمە نێو دەوڵەتیەکان وبەدەستی سەرکردەی چلکاوخۆری وا کەلەبەرژەوەندی خۆیان زیاتر بیر لەهیچ شتێکی تر ناکەنەوە و چەندین جار گەلیان بەرەو کارەسات بردووەو دۆزی کوردیشیان بەهەمان شێوە لەگۆڕ ناوە کاتێك پێشەنگێکی نوێ ورێبەرێکی نوێش سەری هەڵدابێ هەوڵیان داوە سەرەتا کۆنترۆڵ وبێ کاریگەری بکەن وپاشانیش ئەگەر نەبوو ئەم جارە لەژێر هەندێك بیان ولەپشتەوە بەپلانی گڵاوانە پاکتاویان بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە درێژە بەرێبازی بێ چارەیی و بێ باوەڕی وپشت بەستن بەدەرەوە دەدەن ، نەوەك بەتەنیا لەباشوری کوردستان بەڵکو گەلێك جار بوونەتە کۆسپ وتەگەرە لەبەردەم سەرهەڵدان وشۆڕشەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش سەدان وهەزاران شۆڕشگێڕوو ڕۆڵەی گەلەکەمانیان تیرۆر کردوەو تەرمەکانیان پێشکەش بەسوپای داگیرکەران کردووە ، مێژوو ئەمە ناشارێتەو ڕۆژێك دێت پەردە لەسەر ئەو تاوانانە هەڵماڵێت .

www.kurdistannet.org

وەکوهەموو گەلی کورد دەزانێت ئەوە نزیکەی ٢ -٣ ساڵە گەلەکەمان سەرباری ئەوەی نەگەیشتووە بەمافەکان و ئاشتی و دیالۆگی نەتەوەیی بەرجەستە نەکردووە ، بەڵام شەڕی ناوخۆییش کەم بۆتەوەو وەك وپێشونەماوە لەلایەکی تریشەوە دۆزی گەلی کورد لەهەموو بەشەکانیەوە بەگشتی وباشورو باکوری کوردستان بەتایبەتی بووەتە بابەتی ڕۆژی جیهان و لەچاپەمەنی وڕای گشتی جیهانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، ئەگەر بەپێی پێداویستی ئەم قۆناغە تەماشای ڕەفتارە شاراوەکانی پارتەکانی باشوری کوردستان بەگشتی وبەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەکانیان کاك مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی نەرم ونیانانەو بەشاراوەیی درێژە بە ڕەفتارەکانیان بدەن، پارتی دیموکرات ویەکێتی نیشتیمان وسەرکردە ناسراوەکانیان لەم ماوەیە چەندین گەشتیان بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو دیمەشق وتاران وئەنقەرە ئەنجامدان و تائێستاش چیان بەدەست خستوەو چیان ووتوەو دەرهەق بە پلانە گلاوەکانیان وداواکاریەکانیان چ پەیمانێکیان پێداون هەڵوێستیان لەمەر ئەو گۆڕانکاری وپێشکەوتنانە چی بوو هەڵوێستیان لەبەرامبەر جێگیر کردنی ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو لیستی تیرۆری یەکێتی ئەوروپاو ، کێشەی تورکمانەکان و ، لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆباشوری کوردستان و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و ئەشکەنجەکردنیان و ، داهاتوی باشوری کوردستان وعێراق چۆن دەبی نایدرکێنن ودەنگیان لێوە نایەت وکڕوماتن ! ئەمە نیشانەی چیە؟ پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەزووترین کات وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە بدەنەوە کەمایەی نیگەرانین.

بابەتێکی تری ئەم نوسینەم هەموارکردنی یاسای حیزبە سیاسیەکانە کە حکومەتە یەك پێیەکەی هەولێر لەسەرەتای ئەم مانگە بڕیاری لەسەر وەرگرت و لە داموودەزگاکانی چاپەمەنی باشوری کوردستان ڕەنگی دایەوە لە یاسای ژمارە (١٧)ی هەموارکراودا کەلەساڵی ١٩٩٣ بڕیاری لەسەر وەرگیراوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو پارتەی بیەوێت بەشێوەیەکی ڕەسمی کار بکات پێویستە مۆڵەت لەوەزارەتی ناوخۆ وەرگرێت و دامەزرێنەرانی لە ٥٠ کەس کەمتر نەبن وکەسی لێهاتو وخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بن هەرچی ئەندامانی پارتەکەشن پێویستە ژمارەیان لە ٥٠٠ کەس کەمتر نەبێت وبەهەمان شێوە زۆربەیان ڕۆشەنبیرو لێهاتوبن و هەروەها لەسەر شێوازی وەرگرتن یان هێنانی یارمەتی لەدەرەوە پێویستە ڕەزامەندی لە ئەنجومەنی وەزیرانی پارتی دیموکرات وەرگیرێت هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت کەدادگاش هەرکاتێك ئارەزووی هەبێت دەتوانێت ئەو پارتە بەبیانویەکی زۆر بچوك دابخات. گەلی کورد کە چاوی لە بەڵاوەنانی حکومەتی فاشی ودکتاتۆری بەغدایەو لەشوێنی ئەو جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی دیموکرات وفرەلایەن کەدان بەهەموو مافە کولتوری ئەتنکی مەزهەبیەکان و تایبەتمەندیە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بێ بەرتەسك کردنەوەی ئازادی بیروڕاو گوزاکردن لە ناسنامەیە حکومەت وپەرلەمانی تاکە حیزبێك هەڵدەستێ بەپێی نیگاو عەقڵیەتی خێڵەکی خۆی یاسایەك دەردەخات و کەریم سنجاری بەڕێزیش کەوەزیری ئەو حکومەتە یەك پێیەی پارتیە دەڵێت ئەمە بە دەستکەوتی گەلە تێکۆشەرەکەمان دادەنرێت لەسۆنگەی ئەزموونە دیموکراتیەکاندا ، باشە مرۆڤ لەوە تێدەگات بۆئەوەی پارتیەکی سیاسی بیەوێت لەنێو یاساو بەفەرمی کار بکات پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بەسەربکاتەوە و مۆڵەت وەربگرێت مرۆڤ لەوەش تێدەگات پێویستە دەستەی دامەزرێنەری لە ٥٠ کەس کەمتر نەبن و ئەندامانیشی لە ٥٠٠ کەس زیاتر بن بەڵام من ئەوە تێ ناگەم حومەتی پارتی دەڵێت پێویستە ئەوانە کەسانی لێهاتوو چالاك وخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بن و ڕۆشەنبیربن باشە کێ بڕیار لەسەر ئەم پێوانەیە دەدات ئەو حیزبە یان پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار دەدات کە فلاَن ئەندام لێهاتوەو فلان لێهاتوو نیە ، دووەمینیان ژمارەی ناوی ٥٠٠ ئەندامتان بۆچیە چیان لێدەکەن بۆ ئەوە نیە لەداهاتودا هەموو ئەندامانیان بناسن و ، هەڕەشەیان لێ بکەن و پاشان یەك یەکە تیرۆریان بکەن ولەنێویان بەرن ، وەکوتر شێوازی وەرگرتنی یارمەتی بۆچی بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێت ئەوەیان چ واتایەك دەگەیەنێت ، کاك کەریم سنجاری بەویاسایە کۆنەپەرستە دەڵێت: دەستکەوتی گەل وئەزموونی دیموکراسی! بەڵێ کاك کەریم کردارە نابەجێکانتان دەستکەوتی گەلی کوردە وانیە ، ئەمەیە یاسای پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم پارتەیە پێشەنگایەتی گەلی کورد دەکات لەپارچەیەکی

www.kurdistannet.org

کوردستان وخۆی بەمیراتی نەتەوەکەی دادەنێت ، ئێوەن ئەوە نزیکەی ساڵێکە لەسەر تەلفزیۆنەکەتان باس لەکۆمەڵگای مەدەنی ودیموکراتیەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن ، ئایا ئەم یاسایە چ جیاوازیەکی لەگەڵ یاسای دەولەتە دکتاتۆرو دواکەوتوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست هەیە ، ئایا ئەمە جگە لەلاسایی کردنەوەی یاسای بەعس چ واتایەکی تری هەیە ؟ ، ئەم یاسایەم بەراورد کرد لەگەڵ دەستوری بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێران ، کۆماری عێراق ، کۆماری عەرەبی سوری و ، کۆماری تورکیا ئەگەر بەوردی تەماشای دەستوری بنچینەیی دەولەتی تورکیا دەرهەق بەیاسای پارتە سیاسیەکان لەمادەی ٦٨و لقی (١) بکەن بۆتان دەر دەکەوێت کەتورکیا سەرباری ئەوەی دەوڵەتەو لەفاشیستی وپێشێلکردنی مافەکانی ئازادی ومافی مرۆڤ ناوی دەرچووە ، گەلێك لەیاسا کۆنەپەرستەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ماکی فیودالی -خێڵەکایەتی چەرخی بەردینی بەسەرەوەیە پێشکەوتوترو دیموکراتترە ، ئایا ئەو شەرتومەرج وپێوانانەی کەپارتی بۆ هەرپارتێکی سیاسی دایناون وەك لێهاتویی ، ڕۆشەنبیری ، ژیری ، خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ، هتد . . . پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەخۆوە دەگرێت .